# شەکسپیر لە نمایشەکانی ئینگمار بێرگمان دا

د. فازڵ جاف

(١- ٢)

قۆناغی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بە دوا قۆناغی ڕەوتی هونەری ڕێژیسۆری گەورەی سینەما و شانۆی سوێدی ئینگمار بێرگمان (١٩١٨-٢٠٠٧) دادەنرێ. ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٨٤وە دەست پێ دەکات، واتە پاش گەڕانەوەی یەکجارەکی بێرگمان لە ئەڵمانیاوە بۆ سوێد، تاکوو کۆچی دوایی ئەو دەرهێنەرە بەناوبانگە لە ٣٠ی گەلاوێژی ساڵی ٢٠٠٧. سەرجەم نمایشەکانی بێرگمان لەم قۆناغەدا، لە شانۆی پاشایەتی (دراماتین)، کە دەکاتە شانۆی نەتەوەیی سوێد، پێشکەش کراون. لە ناو ئەو شانۆنووسانەی کە بێرگمان کاری دەرهێنانی بۆ بەرهەمەکانیان کردووە، شەکسپیر و ئیبسین و ستریندبێرگ پشکی شێریان بەرکەوتووە.

لەم نووسینەدا تیشک دەخەمە سەر سێ نمایشی بێرگمان، شا لیر و هاملێت و حیکایەتێکی زستانە، کە سێ شانۆنامەی بە ناوبانگی شەکسپیرن.

## دەربارەی نمایشی شا لیر

یەکەمین جار کە شانۆنامەی شا لیری شەکسپیرم بینی بە دەرهێنانێکی تۆکمە و پیشەمەندانە -پرۆفیسیۆنالانە و لەسەر یەک لە شانۆ نەتەوەییەکانی ئەورووپا، ئەو شا لیرە بوو کە دەرهێنەری بەناوبانگی سوێد، ئینگمار بێرگمان، ساڵی ١٩٨٣ بۆ شانۆ دەری هێنا بوو، لەو کاتەوە تاکوو ئێستا نمایشی شا لیرم لەسەر تەختەی شانۆی وڵاتان دیوە، لە دەرهێنانی: پێتەر ئۆسکارسۆن، لارس ستێڤان (هەردوو ڕیژیسۆری دیاری سوێدین)، ئەمە جگە لە چەندان نمایشی ئەو شانۆنامەیە لە شانۆکانی لەندەن و پیتەربورگ، ئەوجا باس لە نمایشە بەناوبانگەکەی ئەکتەری بلیمەتی ئینگلیزی (لۆرانس ئۆلیڤیە) ناکەم کە چەند جارێک بە فیلم دیومە. بە عەرەبیش نزیکەی دە ساڵێک لەمەوبەر لەسەر شانۆی نیشتیمانی (محمد الخامس) لە مەغریب نمایشەکەی ئەکتەری میسری ( يحيى الفخراني)م بینی. دیارە ئەم نمایشە کە لە دەرهێنانی (احمد عبدالحليم) بوو، سەرەڕای ئەوەی کە تاڕادەیەکی باش دەنگی دایەوە، بەڵام زۆر کلێشەئاسا بوو.

بەدەر لە هەموو ئەم نمایشانە کە دەرهێنەرەکانیان پیشەمەندن، زۆربەشیان نزیکەی سێ کاتژمێریان خایاندووە، گەلێ نمایشی شا لیرم لە ئاستی جیاوازدا بینیوە. لە ناو ئەو نمایشانەدا هی وایان تێدا بووە کە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە دەقە ئەسڵییەکەی شەکسپیرەوە

نەماوە، تەنانەت شا لیری چل خوولەکیشم بە ڤیدیۆ دیوە، دانەیەکم بینی تەنیا دوو کەسایەتی بوون. بە کورتی شا لیری وام دیوە کە بە سیلەی ڕەحم دمناسییەوە و بە ئەستەم دەمزانی کە ئەمە شانۆنامەکەی شەکسپیرە.

کێشەکەش لەوەدایە کە شا لیر، وەک زۆربەی تراژیدییەکانی شەکسپیر، لە هەمووشیان زیاتر، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ورد و تێگەیشتنێکی قووڵە، بەبێ ئەمەش (خوێندنەوەی ورد و تێگەیشتنی قووڵ) ئەرکی سەرەکی دەرهێنەرە بەر لەوەی دەست بەکار بێ، ئەگەرنا نمایشەکە بە ڕووکەش و ڕواڵەت لە هی شەکسپیر دەچێ.

دەتوانم بڵێم نمایشەکەی بێرگمان بەتەواوەتی لە سەر ئەم دوو بەهایە بینا کرابوو.

## خوێندنەوەی ورد و تێگەیشتنی قووڵ

شا لیر لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەمین بەرهەمی شانۆیی بوو بینیم کە لە دەرهێنانی دەرهێنەری گەورەی سویدی ئینگمار بێرگمان بوو، تا ئەو کاتە، تەنیا هەندێک لە فیلمەکانیم بینیبوو. بەرلەوەی بگەمە سوید، پێم وابوو، وەک زۆرینەی خەڵک، بێرگمان تەنیا ڕێژیسۆری فیلمە، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو بۆ ئەوەی بە پەرۆش بم بۆ بینینی نمایشەکە.

بێرگمان بەر لە هەموو شتێک، لە دەقەوە دەست پێ دەکات. لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەق ، بەر لە هەموو شتێک لە زمانی دەقەکەوە کە ئەمە بۆ شانۆنامەکانی شەکسپیر مەرجی سەرەکییە. وشە لای شەکسپر زۆر گرنگە، لە هەموو شتێک گرنگترە.

لە شانۆنامەی (هاملێت)دا پۆلۆنیۆس لە هاملێت دەپرسێ:

پۆلۆنیۆ: ئەوە چی دەخوێنیتەوە گەورەم؟

هاملێت: وشە، وشە، وشە.

بۆیە هەر لە سەرتاوە، لەبەر وشە، لەبەر زمانی وەرگێڕانەکە، بێرگمان، وەک دراماتورگێکی کارامە، ئەو وەرگێڕانە ڕەت دەکاتەوە کە لە مێژە کراوە و وەک کتێب چاپ کراوە.

بێرگمان لە پێشەکییەکەیدا بۆ وەرگێڕانە نوێیەکە دەڵێت، داوام لە وەرگێڕ بریت هالکڤیست کرد کە دەقەکە بە شێوەیەک وەربگێڕێت کە «سادە بێ، خوێندنەوەی ڕەوان بێ».

نمایشی شا لیر، بە تایبەتی بۆ ئەم نمایشە، لەلایەن (بریت هالکڤیست)ـەوە، لەسەر داوای بێرگمان وەرگێڕدرایەوە. ئەو دەقێکی دەویست کە «ئاسان بێ بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن»، وەک لە پێشەکییەکەی بێرگمان بۆ وەرگێڕانە نوێیەکە نووسراوە.

بە ڕای ڕەخنەگران بێرگمان نزیکەی چواریەکی شانۆنامەکەی لابردووە، جێگۆڕکێشی بە هەندێ دیمەن کردووە، هەروەها هەندێک لەو ئاماژانەی گۆڕیوە کە لە دەقەکەدا نیشانەن بۆ کات و شوێن.

شانۆی شاهانە (دراماتن) وەرگێڕانە نوێیەکەی وەک نامیلکەیەک لەگەڵ پرۆگرامی نمایشەکەدا، پێش نمایش دابەش دەکرد، بێرگمان لەو چاپەدا ئەو دێڕانەی دەستنیشان کردبوو کە لە نمایشەکەدا لابرابوون، بۆیە بینەر دەیزانی چی لە دەقەکەی شەکسپیر لابراوە.

خۆ ئەگەر کەسێک بەوردی ئەو دێڕانە بخوێنێتەوە، لەوە دەگا کە بێرگمان لەسەر چ بناخەیەک دەستکاری دەقەکەی کردووە، واتە لەسەر بناغەی وەستایەتی و شارەزایی لە بنەما و کارامەییەکانی تیۆرەکانی دراماتورگیدا، لە پرۆسەی بە ئێستاکردنی شانۆنامەکەی شەکسپیر.

کردنەوەی نمایشەکە لە ٩ی ئازاردا بوو، لە پاییزی هەمان ساڵدا نمایشەکەم بینی. پێم سەیر بوو بۆچی بێرگمان پاش هەشت ساڵی ژیان و کارکردن لە ئەڵمانیا، شا لیری وەک یەکەم بەرهەمی شانۆیی هەڵبژاردووە.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا پێش نمایشەکە گوتی: بیر لە دەرهێنانی شانۆنامەیەک دەکەمەوە کە کارەکتەرەکانی زۆر نەبن، شانۆنامەیەکی کورت بێت. ئەوەبوو بە ڕێکەوت شانۆنامەی «شا لیر»م خوێندەوە. کە پرسیاری ئەوەی لێ کرا: ئایا هەڵبژاردنی شانۆنامەکە لەبەر ئەوەیە کە کەسایەتی لیر گوزارە لە خودی خۆی دەکات، بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە کە، گوتی دەڵێ: لە ناخی هەموو پیاوێکی پیردا شا لیرێک هەیە، ئاماژەی بەوەش کرد کە «شا لیر» شانۆگەرییەکی قورسە و نواندنی تەحەدایەکە بۆ هەموو ڕێژیسۆرێکی پیشەیی و داهێنەر.

## سینیۆگرافیا

بێرگمان لەگەڵ سینۆگرافەر خاتوو گونیلا ڤایس (کچی شانۆنووس پیتەر ڤایس) سینۆگرافیا و جلوبەرگەکانی بە شێوەیەک دیزاین کردووە کە زۆر باش لەگەڵ ناوەڕۆک و ڕووداوە جەوهەرییەکانی دەقەکە دەگونجێ، بەتایبەتی لەبەرچاوگرتنی خێرایی گۆڕینی دیمەنەکان و گورجوگۆڵی بزووتنەوەی ئەکتەرەکان.

دیزاینەر گونیلا ڤایس لە ڕووی کردەییەوە لە دینامیکیەتی گۆڕینی دیمەنەکان و گواستنەوەیان لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر بە شێوەیەکی ئاسان و بە دەستوبرد، کارامەیی خۆی سەلماند، بەتایبەتیش لە گواستنەوەی دیمەنی کۆشک بۆ دیمەنی زریان، کە ئەمە یەکێکە لە گۆڕانکارییە بنچینەییەکانی نمایشی شا لیر. سادەیی لە دیکۆر و پشتبەستن بە چۆڵایی وەک فەزای دینامیکی بۆ ئەکتەرەکان، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە نمایشەکەدا دەبینی.

## دیدگەی ڕێژیسۆر

بێرگمان هەر لە دیمەنی دەستپێکەوە جەختی لەسەر بنەمای شانۆیاندن- تمسرح کردووە، ئەوەش لە ڕێگەی جووڵەی بەردەوام و شێواز و دەربڕینی گرووپەکان لە زنجیرە فۆرمی جیاوازدا. پانتۆمیم و سەما و پلاستیکا (گوزارەکانی جەستە)، بەڕادەیەک ئەندامانی گرووپەکە، لە هەندێ دیمەندا، گوزارە لە دیکۆر دەکەن.

دەرهێنەر لە شێوازە تەقلیدییەکانی نمایشکردنی شانۆنامەکانی شەکسپیر دوورکەوتووەتەوە، فەزای شانۆیی بەتاڵی دروست کرد، سەرنجی لەسەر نمایشی جەستەیی و دەربڕینی ڕوخسار (دەموچاو) بوو نەک دیالۆگی درێژ. بێرگمان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بە کارەکتەرە گاڵتەجاڕەکە بەخشی کە تێیدا ڕاستییە بە ئازارەکان و حیکمەتە جەوهەرییەکان بە سادەیی و ڕاستەوخۆ دەخاتە ڕوو.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بێرگمان بەر لە هەموو شتێک سەرنجمان بۆ کارەکتەری کچەکانی لیر و کارەکتەرە نەرێنییەکان ڕادەکێشێ، واتە ڕێژیسۆر فۆکس تەنیا ناخاتە سەر کەسایەتی شا لیر، کە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەی زۆرێک لەو دەرهێنەرانەیە کە تەواو لە شانۆنامەکە قووڵ نەبوونەتەوە، هەر بۆ نموونە، ئەم مۆرکە لە نمایشەکەی یەحیا فەخرانی بەزەقی دیارە.

لەلایەکی دیکەوە، بێرگمان بایەخێکی زۆری بەو دیمەنانە دابوو کە زۆرتر شەقڵی جووڵە و جەستە و ئاماژەیان بەسەردا زاڵ بوو، ئەمەش ڕاستە سەرنجڕاکێش بوو، هاوکات جۆشوخرۆشی بە نمایشەکە دابوو، بەڵام لە هەندێ شوێنیشدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر قسەکان هەبوو، بەتایبەتی لەسەر مۆنۆلۆگە درێژەکان.

لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، بێرگمان تەقینەوەیەکی مێتافۆریکی پیشان دەدات، کە تێیدا هەموو شتێک بۆ هیچ دەگۆڕێت، دەرهێنەر شانۆکە بە ڕووتی دەهێڵێتەوە، جگە لە تاجێک کە لە چەقی شانۆکەدا ماوەتەوە.

## شێوازی نواندن

ئەکتەری بەناوبانگی سویدی (یارل کوللە) لێهاتووانە ڕۆڵی شا لیری نمایش کرد، شا لیری لە لووتکەی شکۆمەندی و دەسەڵاتی خۆیدا پیشان دا. ڕۆڵی لیر بەوە ناسراوە کە ڕۆڵێکی سەختە، بەتایبەتی لەو گۆڕانکارییە گەورەیەدا کە لە کەسایەتییەکەیدا ڕوو دەدا، واتە لە گواستنەوەیدا، لە شایەکی دەسەڵاتخوازەوە بۆ پیرەمێردێکی بێدەسەڵات. ئەم گۆڕانکارییە لە نواندندا گەورەترین ئەرک و تەحەدایە بۆ هەر ئەکتەرێک کە ڕۆڵی لیر دەگێڕێت. یارل کوللە لە نواندنی ڕۆڵی لیردا کارامەییەکی باشی نیشان دا، بەتایبەتی لە ڕووی دەنگە ئاڵتوونییە بەهێزەکەیەوە، کە توانی بە فرەتۆنی و سەدا و زەنگوڵی دەنگییەوە، دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەکانی لیر لە زۆربەی دیمەنەکاندا بەرجەستە بکات، بەڵام لە وێناکردنی دۆخی شێتیی لیردا، وەک زۆربەی ئەکتەرانی ئەم ڕۆڵە، زیادەڕۆیی پێوە دیار بوو. بەگشتی نمایشی یارل کوللە لە شێوازی ئاسایی تەقلیدی بەرجەستەکردنی شایەکانی شەکسپیر لا نەچوو بوو، ئەمەش جۆرە ناکۆکییەکی لە شێوازی گشتی نمایشەکەدا خوڵقاند بوو، ناکۆکی لە نێوان نمایشە نەریتئاساکەی یارل کوللە و نمایشی دینامیکییانەی جەستە و جووڵەی سەرجەم گرووپەکە.

ئەکتەر (یان ئۆلۆف سترانبێرگ) کە ڕۆڵی گاڵتەجاڕەکەی دەبینی، هاوئاهەنگییەکی زیاتری لەگەڵ سروشتی گاڵتەجاڕی نمایشەکەدا نیشان دا، کەسایەتییەکەی وەک کەسێکی لاسار و بزێو بەرجەستە کرد، بەڵام بەبێ زیادەڕۆیی، یان وەک ئەکتەرێک کە سواڵی پێکەنین بکات. سترانبێرگ هەر لە یەکەم دەرکەوتنییەوە وای پیشان نەدەدا کە ئەکتەرێکی کۆمیدییە، بەڵکوو کەسێکە بە سادەیی گوزارە لە دانایی دەکات، بۆیە کە دەدوێ حیکمەتی قووڵ دەدرکێنێ، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە ئامۆژگاری شا لیر دەکات «نابێت زۆر پیر بێت، پێش ئەوەی زۆر ژیر بێت». ڕەخنەگرێک نووسیبووی: سترانبێرگ توانی لێهاتووانە ڕۆڵێکی کۆمیدی نمایش بکات، بەبێ ئەوەی سواڵی پێکەنین بکات.

سەبارەت بە کارەکتەرەکانی کچەکانی لیر، بێرگمان لە ئاراستەکردنیاندا تابڵێی کارامە بوو. ئەوەی کە ڕیژیسۆر فۆکسی تەواوی خستبووە سەر کارەکتەری کچەکانی لیر، سەنگی نمایشەکە بوو، بە ئەندازەیەک کە هەرسێکیان وەک سێ پاڵەوانی سەرەکی نمایشەکە دەردەکەوتن، ئەمەش وای کردووە شێوازی نواندنیان و کارەکتەرە نەرێنییەکانیان بەهێزتر و باشتر دەرکەون. بەشێوەیەکی گشتی، کچەکانی لیر لە نمایشەکەی بێرگمان دا، لە هەڵچوون و زۆر ڕۆیی دەربڕینی دەروونی دوور بوون، بگرە وەک سێ کارەکتەری بەهێز دەردەکەوتن.

ڕەخنەگرانی شانۆ بەگشتی، گەلێک سەرنج و تێبینی و خوێندنەوەی جیاوازیان دەربارەی شا لیرەکەی بێرگمان هەبوو، بەڵام هەموو کۆکن لە سەر ئەوەی کە یەکێکە لە نمایشە جیاهەڵکەوتووەکانی شانۆنامەی شا لیر.

**سەرنج:**

بۆ ئاگاداری خوێنەران: لە ژمارەی ڕابوردوودا (ژ ٣١٥)ی گۆڤارەکەمان، وتاری (مۆنتاژ و مۆسیقا لە دراماتورگی میێرهولددا)، بەشی (٢ — ٢) و تەواوکەری وتاری ژمارەکەی پێشترە کە لە ژمارە (٣١٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

**(ڕامان)**